# بەرهەمە دەستنووسەکانی شێخ مارفی نۆدێی لە کتێبخانەکانی ئێراندا – توێژینەوەیەکی وەسفی ئامارییە

تارق یارئەحمەدی

targh.yarahmadi@gmail.com

مامۆستای زمانی عەرەبی و توێژەری بواری دەستنووس لە تاران

**ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە:1/3/2024** **ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:7/5/2024**

**پوختە:**

سەید محەمەد کوڕی سەید مستەفا بەرزنجی ناسراو بە شێخ مارفی نۆدێی، یەکێکە لە گەورە زانایانی کوردی سەدەی سیانزەهەمی کۆچیی. لە ماوەی ژیانیدا توانیویەتی چەندین بەرهەم لە بوارە زانستیە جیاجیاکاندا بخولقێنێت. تا ئەم دواییانە بەشێک لە بەرهەمەکانی وەک کتێبی سەرچاوە لە حوجرەکانی کوردستاندا بەکارهێنراوە، هەر بەو هۆیەشەوە زۆرێک لە بەرهەمەکانی دەیان جار نووسخەیان لێ هەڵگیراوە. زۆربوونی ژمارەی بەرهەمە زانستیەکانی و هەبوونی دەستنووسی زۆر لە ئەوان، کاریگەری و گرنگی کەسایەتی و نووسراوەکانی شێخ مارف لە سەر زانایانی پاش خۆی بە ڕوونی دەردەخات. لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمە دەستنووسەکانی ئەم زاتە لە کتێبخانەکانی جیهاندا دەپارێزرێت. کتێبخانەکانی وڵاتی ئێرانیش بێ بەش لە بەرهەمە دەستنووسەکانی شێخ مارف نین. لەم توێژینەوەدا هەوڵ دەدەین بەرهەمە دەستنووسەکانی شێخ مارف لە کتێبخانەکانی ئێراندا بە شێوازی شرۆڤەیی و بە کەڵک وەرگرتن لە داتاکانی ئاماریی بناسێنین. جگە لەمەش ئەو هەڵانەی کە لە تۆمارکردنی ناوی بەرهەم، مێژووی نووسین، ناوی دانەر یان نوسخەهەڵگر لە پێرستی دەستنووسەکانی ئەو کتێبخانانەدا ڕوویداوە - بووتە هۆی بەشاراوە مانەوەی ئەو دەستنووسانە - بە بەڵگەوە ڕاست دەکەینەوە. بەشێک لە ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەگشتی ٦١ دەستنووسی ١٩ بەرهەمی شێخ مارف لە کتێبخانەکانی ئێراندا دەپارێزرێن. ئەم ڕێژەیە دابەشکراوەتە سەر ١٦ کتێبخانە لە حەوت پارێزگای گەورەی ئێراندا. وردەکاری زیاتر لە دەقی ئەم وتارەدا دەخرێنەڕوو.

**کلیلەوشە**: شێخ مارف، شێخ مارفی نۆدێی، بەرهەمە دەستنووسەکانی شێخ مارفی نۆدێی، دەستنووسی کتێبخانەکانی ئێران

## پێشەکی

ئەگەر چی کوردستان بە درێژایی مێژوو زانایانێکی مەزنی لە داوێنی خۆیدا گەورە کردووە و گەشەی پێ داون، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی سەردەمی ژیانیان و یان پاش خۆیان هەندێکیان بە تەواوی لەبیرکراون و هەندێکیشیان وەک پێویست زانیاری لەسەریان بەردەست نییە. بەڵام بەختەوەرانە کۆمەڵێک لەو زانایانە هەم زانیاری باش لەسەر ژیانیان هەیە و هەم بەشێکی زۆر لە بەرهەم و دانراوەکانیان لە فەوتان ڕزگاریان بووە و ئیستاش لە کتێبخانە جیاجیاکانی وڵاتانێکی جۆراوجۆر، شوێنی خۆیان گرتووە. یەکێک لەو زانایانە سەید محەمەد کوڕی سەید مستەفا ناسراو بە شێخ مارفی نۆدێییە کە بۆ هەموان ناسراو و بەناوبانگە. ئەم زاتە یەکێک لە زانا بەناوبانگەکانی کوردە کە بە هۆی دانراوە گرنگ و جۆراوجۆرەکانییەوە نەک تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە وڵاتانی ئیسلامیشدا توانیویەتی بدرەوشێتەوە.

بەهۆی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی لە سەردەمی خۆیدا و بەردەوامیی ئەو بڵاوبوونەوەیە تا دەیان ساڵ دواتر، بەختەوەرانە زۆرێک لە بەرهەمە زانستییەکانی نەک هەر پارێزراون، بەڵکو دەیان نوسخەیان لێ هەڵگیراوە. ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە کتێبخانە جۆراوجۆرەکانیدا خەزێنەیەکی گەورەی دەستنووس لەخۆ دەگرێ. بەختەوەرانە پشکی زانایانی کورد لەم گەنجینەی میراتی مرۆڤایەتیدا ڕێژەیەکی بەرچاوە. ئەوەی پەیوەندی بەم لێکۆڵینەوەیەوە هەیە ئەوەیە کە بە پێی پێرستی دەستنووسەکانی ئێران، ٦١ بەرهەمی دەستنووسی شێخی نۆدێی لە کتێبخانەکانی ئێراندا دەپارێزرێن. بەو پێیەی کە زۆربەی پێرستنووسە ئێرانییەکان ئاشنای جوگرافیا و مێژوو و کولتووری کورد نین، هەندێک جار لە تۆمارکردنی دەستنووسەکانی زانایانی کورد تووشی هەڵە بوون وە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەک لە بەرهەمەکانی شێخ مارف لە چاوی

لێکۆڵەران دوور بمێنێن. نووسەری ئەم توێژینەوەش پاش هەوڵێکی زۆر توانیویەتی لە ڕێگای ئەم لێکۆڵینەوەیە ٦١ بەرهەمی دەستنووسی شێخی نۆدێی لە کتێبخانەکانی ئێراندا بناسێنێت. ئەم برە دەستنووسە دابەشکراوەتە سەر ١٦ کتێبخانەی 7 شاری گەورەی ئێران. زانیاری تەواو لەسەر ئەم بابەتە لە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەدا ئاماژەی پێ دەکرێت.

**شێوازی کار**

لەم توێژینەوەدا ڕیزبەندیی ناوی بەرهەمە دەستنووسەکانی شێخ مارف بەپێی یەکەم پیتی ئەلفوبێ دانراوە. بەم شێوەیە کە سەرەتا ناوی بەرهەم دێت دواتر هەموو ئەو دەستنووسانەی ئەو بەرهەمە کە لە کتێبخانەکانی ئێراندا بوونیان هەیە دەناسێنرێن. بۆ ناساندنی هەر بەرهەمێک، ناوی بەرهەم، بابەت و زمان، ناوی نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسینی دەستنووسەکە، ژمارەی دەستنووس و ناوی ئەو کتێبخانەیەی کە تێیدا هەڵگیراوە ئاماژەی پێکراوە. بۆ ئەو دەستنووسانەی کە هەڵەیەک هەبووە لە تۆمارکردنی وردەکارییەکانیان لە پێرستی دەستنووسەکاندا، جگە لەو زانیارییانەی کە ئاماژەیان پێ درا "ڕوونکردنەوە"ش زیادکراوە کە باس لە هەڵەکان و ڕاستکردنەوەکانیان دەکات. کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشی ئەنجامەکانە، کە تێیدا کۆمەڵێک زانیاری ئاماری لەسەر کۆی گشتی بەرهەمە دەستنووسەکانی شێخی نۆدێی، پشکی هەر کتێبخانەیەک لەو دەستنووسانە، زۆرترین دەستنووسە دووبارەبووەکان، کۆنترین دەستنووس، و هتد پێشکەش دەکرێت. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هەموو ئەو بەروارانەی کە لەم توێژینەوەدا هاتووە لەسەر بنەمای ساڵی کۆچیی مانگییە، کە بۆ بەرگری لە دووپاتبوونەوەی بێهوودە لە دەقی لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەی پێی ناکرێت. بەو پێیەی لە زۆر حاڵەتدا ناوی بەرهەمەکانی شێخ مارف لە پێرستی دەستنووسی کتێبخانەکانی ئێراندا بە تەواوی نەهاتووە و بۆ ئەوەی ناوی بەرهەمەکان یەکسان بێت، ناوی هەر بەرهەمێک لەسەر بنەمای ئەوەی کە لە کتێبەکەی مامۆستا محەمەدی خاڵدا چۆن ناونراوە یان لەسەر بنەمای ناوی چاپکراوی بەرهەمەکە ناویان بۆ دادەنرێت. توێژەران و خوازیارانی ئەم دەستنووسانە لە کتێبخانەکانی ئێراندا پێویستە بە پشتبەستن بە ژمارەی دەستنووس لە هەر کتێبخانەیەکدا بە دوای ئەم دەستنووسانەدا بگەڕێن. پێش ئەوەی بچینە سۆراغی دەستنووسەکان پێویستە ئاماژە بەچەند خاڵ وەک تێبینی بکرێت.

**تێبینی یەکەم**: بۆ ئەوەی قەبارەی ئەم توێژینەوە زۆرتر نەبێت لە لایەکەوە و لە لایەکیترەوە کەسایەتی شێخی نۆدێ بۆ هەمووان کەسایەتیەکی ناسراوە، هەربۆیە بە باشمان زانی باس لەسەر ناساندن و ژیانی شێخ مارف لەم توێژینەوەدا نەهێنین.

**تێبینی دووەم**: بۆ هەرکامەو لە بەرهەمەکان، ژمارە دانراوە و ئەو بەرهەمانەی کە زیاتر لە یەک دەستنووسیان هەیە بە شێوەی دەستنووسی یەکەم، دەستنووسی دووەم تا هەرچەند دەستنووس بێ بەو شێوەیە ڕیزبەندی کراون.

**تێبینی سێیەم**: ئەو بەرهەمانەی کە چەن دەستنووسیان هەیە، هەوڵمان داوە سەرەتا ئەوانەی وا زانیارییەکانیان تەواوە باس بکرێن و لەناو ئەوانەشدا بە پێی ساڵی نووسینیان لە کۆنترین تا دەگاتە نوێترین ڕیزبەندی بکرێن، پاشان لە کۆتاییدا ئەو دەستنووسانەی وا زانیارییەکانیان تەواو نین بۆ نموونە ساڵی نووسران یان ناوی نووسخەهەڵگر نادیارن بخەینە ڕیزی دواوەوە.

**تێبینی چوارەم**: ئەم توێژینەوەیە بەرهەمی ڕەنج و تێکۆشانی زیاتر لە دوو ساڵە کە توێژەر سەرەتا لە دووتوێی کتێبی پێرستی دەستنووسەکانی کتێبخانە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەرهەمەکانی شێخ مارفی جیا کردووەتەوە، دواتر هەوڵی داوە لە نزیکەوە ئەو دەستنووسانە ببینی، هەرچەن بۆی نەڕەخساوە هەموویان ببینی بەڵام بەشی هەرەزۆریانی لە نزیکەوە بینیوە و وێنەکانی لای خۆی ئەرشیڤ کردووە.

**تێبینی پێنجەم**: لە ناساندنی دەستنووس زۆر پێویست بە ئاماژەکردن بە سەرچاوە و لاپەڕەکەی لە ناوەڕۆکی توێژینەوەدا نیە، گرنگترین زانیاری هەموو دەستنووسێک بریتین لە ژمارەی دەستنووس و شوێنی پاراستن، کە لەم توێژینەوەیەدا ئەم دوو زانیارییە بۆ هەرکامەو لەو دەستنووسانەی وا ناسێندراون باس کراوە، دواتر بۆ بەڵگەمەندترکردن و بەرچاوڕوونی خوێنەران زانیاری تەواوی کتێبە پێرستەکان لە بەشی سەرچاوەکاندا هاتووە. بەرهەمە دەستنووسەکانی شێخ مارفی نۆدێی لە کتێبخانەکانی ئێران بە شێوەی خوارەوەیە:

**1- الأحمدية**

بابەت و زمان: وشەنامە/ عەرەبی فارسی

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: محەمەد بن عەبدوڵڵا / ١٣٢٩

ژمارەی دەستنووس: ١٧٠٣٥/١

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی / تاران

**ڕوونکردنەوە:** نووسخەهەڵگر کەسێک بووە بە ناوی محەمەد کوڕی عەبدوڵڵا، لە کۆتایی ئەم دەستنووسەدا نووسیوویەتی "تمت هذه الكتابة الشريفة المسمى بنصاب الأحمدي بيد الحقير محمد بن عبدالله لأجل الأخ الأعز الأرجمند آقا ملا احمد ساكن في قرية ژان وفقه الملك المنان في ليلة ٢٦ شهر رمضان سنة 1329" دیارە لەبەر کەسێک بە ناوی مەلا ئەحمەد دانیشتووی گوندی ژان ئەم دەستنووسەی نووسیوەتەوە، کەچی فهرستنووسەکە پێ وابووە ئەم وشەنامەیە بۆ ئەو مەلا ئەحمەدە نووسراوە لە کاتێکدا دەزانین کە مەبەست لە ئەحمەدی، کاک ئەحمەدی شێخە نەک مەلا ئەحمەدی ژان. دواتر فهرستنووسەکە لەبەر ئەوە شارەزای جوگرافیای کوردستان و زمانی کوردی نەبووە، تووشی چەن هەڵەیەکی زەق لە تۆمارکردنی زانیارییەکانی ئەم دەستنووسە بووە. بۆ نموونە لەبەشی ناساندنی ئەم دەستنووسە لە کتێبی پێرستی دەستنووسەکانی کتێبخانەی مەجلیسی شۆرا ئەمە نووسراوە "نصابی است به زبانی خاص محلی شاید یکی از لهجه های لری (چرا که محل کتابت نسخه قریه ژان است و ژان از روستاهای بخش مرکزی شهرستان درود از توابع استان لرستان است). واتە: وشەنامەیەکە بە زمانێکی تایبەتی ناوخۆیی لەوانەیە یەکێک لە زاراوەکانی لوڕی بێت (چونکە شوێنی نووسینی ئەم دەستنووسە گوندی ژانە، ژانیش یەکێکە لە گوندەکانی بەشی ناوەندیی شاری دورووود لە پارێزگای لوڕستان). کەواتە پێی وابووە کە زمانی ئەم کتێبە لوڕییە و ژان گوندێکە لە لوڕستان لە کاتێکدا ژان ناوی گوندێکە سەر بە بەشی ناوەندی سەوڵاوای پارێزگای سنە. سەیر لەوەدایە کە لە کۆتاییدا مەلا ئەحمەدی ژانی وەک دانەری ئەم بەرهەمە و زمانی ئەم بەرهەمەش بە فارسی تۆمار کراوە، لە کاتێکدا کە دانەرەکەی شێخی نۆدێیە و زمانەکەشی عەرەبی کوردییە. وێنەی ژمارە (١) لە کۆتایی ئەم وتارەدا وێنەی کۆتاڵاپەڕەی ئەم دەستنووسەیە.

**2- تخميس قصيدة «يا من يرى ما في الضمير ...»**

**بابەت و زمان:** پێنج خشتەکی / عەرەبی

**دەستنووسی یەکەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: میکایل بن موراد / ١٢١٢

ژمارەی دەستنووس: ٢١٩٥/2

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی میللی(نەتەوەیی) ئێران / تاران

**ڕوونکردنەوە**: ئەم دەستنووسە بە ناوی "تخمیس قصیده عینیه" تۆمار کراوە. ناوی دانەرەکیشی نادیار نووسراوە. بەڵام نووسخەهەڵگری ئەم دەستنووسیە واتە دەستنووسی دووەم کەسێک بووە بە ناوی میکایل کوڕی موراد کە لە بانە بووە، ئەمەش بووە سەرەداوێک بۆ ئەوەی نووسەری ئەم وتارە زیاتر لەم دەستنووسە بکۆڵێتەوە، دواتر دەرکەوت کە ئەمە دەستنووسی پێنج خشتەکیەکەی شێخ مارفی نۆدێیە لەسەر قەسیدەکەی ئیمامی شافیعی کە بە قەسیدەی"یا من یری ما في الضمیر" بەناوبانگە.

**دەستنووسی دووەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: ئەحمەد / سەدەی ١٤

ژمارەی دەستنووس: ١٧٠٧٨/2

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ئایەتووڵڵا مەرعەشی / قوم

**3- تخميس الكواكب الدرية فی مدح خير البرية**

بابەت و زمان: پێنج خشتەکی / عەرەبی

**دەستنووسی یەکەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: عومەر / ١٣٠١

ژمارەی دەستنووس: ١٨٩٢٧/7

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ئایەتوولڵا مەرعەشی / قوم

**دەستنووسی دووەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار / 131٤

ژمارەی دەستنووس: ٣٧١٥٥

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ئاستانی قودس / مەشهەد

**ڕوونکردنەوە:** ئەم دەستنووسەش وەک دەستنووسی پێشوو بە ناوی "تخميس قصيدة البردة" تۆمار کراوە و دانەرەکەی بە نەناسراو نووسراوە. بە پێ دێری سەرەتا و کۆتایی زانرا کە ئەمەش هەمان تەخمیسی شێخ مارفە.

**دەستنووسی سێیەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار

ژمارەی دەستنووس: ١١٦١/2

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی شێخ عەلی حەیدر موئەییەد / مەشهەد

**ڕوونکردنەوە:** ئەم دەستنووسە بە ناوی "تخميس قصيدة البردة" تۆمار کراوە و دانەرەکەی بە نەناسراو نووسراوە. لەبەر ئەوەی ئەم قەسیدەی بوردەیە تەخمیسی زۆری لەسەر کراوە، هەر بۆیە بە پێ دێری سەرەتا و کۆتایی زانرا کە ئەمەش هەمان تەخمیسی شێخ مارفە. سەرەتای ئەم پێنج خشتەکیە بەم دێرە شیعرە دەست پێ دەکات.

لمَّا علمت بطرفٍ منك منسجم ظننت فيك غراماً غير منسجم

**دەستنووسی چوارەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار

ژمارەی دەستنووس: ١٣٤٨/1

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی دائیرەتولمەعارفی گەورەی ئیسلامی / تاران

**ڕوونکردنەوە:** هەرچەن ناوی ئەم دەستنووسەش بە "تخميس الكواكب الدرية فى مدح خير البرية" لە کتێبی پێرستی ئەو کتێبخانەیە تۆمارکراوە، بەڵام ئەمەش هەر وەک دوو دەستنووسی سەرەوە دانەر و نووسخەهەڵگری دیاری نەکراوە. ئەمەش هەر بە پێ دێری سەرەتا و کۆتایی زانرا کە هەمان تەخمیسی شێخ مارفە. ئەم کەموکوڕییە لە زانیارییەکانی ئەم سێ دەستنووسە وایکردووە کە تا ئێستا ئەم دەستنووسانە لە چاوی توێژەرانی کورد دوور بمێننەوە.

**دەستنووسی پێنجەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار / سەدە ١٣

ژمارەی دەستنووس: ١٠٨٨٦

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی زانکۆی تاران

**ڕوونکردنەوە:** ئەم تەخمیسی شێخ مارفە لە سەر قەسیدەی بوردە لە ناوەڕاستی دەستنوسێکی کتێبی "المحرر في فقه الإمام الشافعي" دانراوی عەبدولکەریم بن محمد ڕافعی قەزوێنیدایە. فهرستنووسەکە لەبەر ئەوە کە زانیاری لەسەر ئەم تەخمیسەی شێخ مارف نەبووە ئەمەی بە فارسی نووسیوە «وسط نسخه يك برگ از تخميس قصيده برده با آغاز: لما علمت بطرف منك منسجم ظننت فيك غراماً غير منحسم" واتە لە ناوەڕاستی ئەم دەستنووسەدا پەڕەیەک لە تەخمیسێکی بوردە هەیە کە بەم دێرە شیعرە دەست پێ دەکات» و ئیتر ژمارەیەکی تایبەتی بۆ ئەم تەخمیسە دانەناوە. هەرچەند ئەم ژمارەی سەرەوەش وەک باسمان کرد تایبەتە بە دەستنووسی کتێبی "المحرر" بەڵام لە ڕاستیدا لە ناوەڕاستی ئەو دەستنووسەدا ئەم تەخمیسەی شێخ مارفی نۆدێی تێدا هاتووە.

**٤ـ تنقيح العبارات في توضيح الإستعارات**

بابەت و زمان: بەلاغە / عەرەبی

دەستنووسی یەکەم

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار /1310

ژمارەی دەستنووس: ١٦٢٧٦/7

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی میللی(نەتەوەیی) ئێران / تاران

**دەستنووسی دووەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: عەبدوڕرەحمان بن جامی بۆریدەری

ژمارەی دەستنووس: ٣٠٠/3

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ئاستانەی مەعسوومییە / قوم

**دەستنووسی سێیەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: عەبدوڵڵا بانەیی سیاگوێزی / ١٣٣١

ژمارەی دەستنووس: ٤١٤/3

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ئایەتوڵڵا فازڵی خوانساری / خوانساری ئەسفەهان

**دەستنووسی چوارەم**

ژمارەی دەستنووس: ١٣٥٦/3

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: ئیسماعیل زەبیحوڵڵا / ١٣٢٨

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی دائیرەتولمەعارفی گەورەی ئیسلامی / تاران

ڕوونکردنەوە: ئەم دەستنووسە لە گوندی زەنبیل نووسراوەتەوە.

**٥ـ الدرّة العروضية**

بابەت و زمان: عەرووز و قافیە / عەرەبی

**دەستنووسی یەکەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: سەعدوڵڵا بن محەمەدمەهدی بۆریدەری / ١٢٦٨

ژمارەی دەستنووس: ١٧٣٠٥/٣

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی / تاران

**دەستنووسی دووەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: عەبدولکەریم سەنەندەجی / 1276

ژمارەی دەستنووس: ٤٥٦٥/٢

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی میللی(نەتەوەیی) ئێران / تاران

**دەستنووسی سێیەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار / ١٣٠٢

ژمارەی دەستنووس: ٣٦٩٨٨

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ئاستانی قودس / مەشهەد

**دەستنووسی چوارەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار / ١٣٠٢

ژمارەی دەستنووس: ٣٠٢

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی شێخ عەلی حەیدر موئەییەد / مەشهەد

**دەستنووسی پێنجەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: سەعدەدین بن شەهابەدین / ١٣٠٦

ژمارەی دەستنووس: ١٧٤٧٤

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی / تاران

**دەستنووسی شەشەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: محەمەدعەلی بن محەمەدئەمین ئەلئیکرقاشی (الاکرقاشي) / ١٣١٠

ژمارەی دەستنووس: ١٢/ ١٦٢٧٦

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی میللی(نەتەوەیی) ئێران / تاران

**ڕوونکردنەوە:** مەبەست لە ئەلئیکرقاشی گوندی ئیندرقاشی لای مەهابادە.

**دەستنووسی حەوتەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار / ١٣١١

ژمارەی دەستنووس: ٤٢٢٣/٣

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی میللی(نەتەوەیی) ئێران / تاران

**ڕوونکردنەوە:** لە کتێبی پێرستی ئەم کتێبخانەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەم دەستنووسە لە ئەردەبیل نووسراوەتەوە بەڵام وەک لە وێنەی ژمارە (2) کە لە کۆتایی ئەم توێژینەوەدا هاتووە ناسیخەکە بەم شێوەیە کۆتایی بە نووسینەوەی ئەم بەرهەم هێناوە "تمت الرسالة المنظومة الشريفة العروضية للفاضل المحقق السيد معروف النودهي البرزنجي في خدمة مولانا ملا عبدالله في شعر أربيل في حالة المرض في سنة ١٣١٠" کەواتە لە هەولێر نووسراوە بەڵام لە پێرستی دەستنووسەکانی کتێبخانەی نەتەوەیی ئێران بە هەڵە ئەردەبیل تۆمار کراوە. ئەردەبیل پارێزگایەکە لە باکووری ئێران.

**دەستنووسی هەشتەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: جەلالەدینی حسەینی / ١٣٣٨

ژمارەی دەستنووس: 2/١٩٢٩٢

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی / تاران

**دەستنووسی نۆیەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار / سەدەی ١٣

ژمارەی دەستنووس: ١١٨٩/٥

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ناوەندی بووژاندنەوەی میراتی ئیسلامی (مرکز احیاء میراث اسلامی) / قوم

**دەستنووسی دەیەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نیعمەتوڵڵا بن لوتفوڵڵا ئاویهەنگی / سەدەی ١٤

ژمارەی دەستنووس: 7/ ١٧٢٢٨

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ئایەتووڵڵا مەرعەشی / قوم

**دەستنووسی یازدەیەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار

ژمارەی دەستنووس: ٣٥٧٨/٣

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی / تاران

**ڕوونکردنەوە:** ساڵی نووسرانی ئەم دەستنووسە ١١٣٦ تۆمارکراوە. لە کاتێکدا کە خۆدی شیخی نۆدێ ٣٠ ساڵ پاش ئەم مێژووە لە دایک بووە.

**٦- دلائل الحسنات فی حل المشكلات**

بابەت و زمان: دوعا / عەرەبی

ژمارەی دەستنووس: ٢٥٧٠

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ئایەتووڵڵا مەرعەشی / قوم

**ڕوونکردنەوە:** ئەم بەرهەمە دەستنووس نییە، بەڵکو چاپیە. ساڵی ١٣١٥کۆچی لە حەیدەرئابادی وڵاتی هیندستان بە هەوڵی کەسێک بە ناوی سەید موختار حەفید تەبریکات پێشەکییەکی لە ١٦ لاپەڕەدا بۆ نووسراوە و لە چاپ دراوە. بە هۆی کۆن بوونی مێژووی چاپی ئەم کتێبە و بەهاکەیەوە لە پێرستی دەستنووسەکانی کتێبخانەی مەرعەشیدا لە لیستی دەستنووسەکاندا پۆلێن کراوە. بەرهەمی ناوبراو لە ڕاستیدا کۆمەڵەی شەش بەرهەمی شێخی نودێیە، کە بریتین لە: حزب اول: جواهر الأسنى في الصلوات المشتملة على أسماء الحسنى، تنوير الضمير في الصلوات المشتملة على أسماء البشير النذير، أزهار الخمايل في الصلوات المشتملة على الفضائل، كشف الأسف في الصلوات والسلام على سيد أهل الشرف، كشف الحالات في الصلوات المشتملةعلى الخوارق الإرهاصات والمعجزات، راحة الأرواح في الصلاة والتحيات المشتملة على خصائص حبيب الملك الفتاح، کۆتایەکەشی دوعایەکە کە پاش تەواوکردنی ئەو کتێبە دەخوێنرێتەوە. مامۆستا مەلا محەمەدی خاڵ دوای ئەوەی لە کتێبەکەیدا بە جیاجیا ناویانی هێناوە، لە کۆتاییدا دەڵێت کۆی ئەم شەش بەرهەمە وەک شەش حیزبی کتێبی "دلائل الخيرات" وایە کە هەموو ڕۆژێکی هەفتە جگە لە ڕۆژی شەممە کە ڕۆژی حەسانەوەیە دەخوێنرێنەوە (خاڵ ١٩٦١:111).

**٧- روض الزهر في مناقب آل سيّد البشر**

بابەت و زمان: شیعری عەرەبی لە مەناقیبی پێغەمبەر (د.خ)

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین:  نادیار

ژمارەی دەستنووس: ٦١٠/1

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ئایەتوولڵا مەرعەشی / قوم

**8- روضة الغَنّا في الدّعَاء بأسماء الله الحُسنى**

بابەت و زمان: شیعری پاڕانەوە و زیکرەکان/ عەرەبی

**دەستنووسی یەکەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین:  عەبدوڕڕەحمان بن طاها بن محەممەد / ١٣٣٠

ژمارەی دەستنووس: ٩٧٧٦

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی میللی(نەتەوەیی) ئێران / تاران

**ڕوونکردنەوە:** لە کتێبخانەی نەتەوەیی ئێران دەستنووسێکی ناوازە بە ژمارەی ٩٧٧٦ لە ژێر ناوی "جُنگ ادبی، خلاقی و دینی" هەیە کە بە بڕوای نووسەری ئەم توێژینەوەیە دەستنووسی ناوبراو یەکێکە لەو دەستنووسە هەرە گرنگانەی کە لە کتێبخانەکانی ئێراندا هەیە؛ چونکە کەشکۆڵێکی دەوڵەمەندی شیعری کوردی و فارسی شاعیرانی کورد بە گشتی و شاعیرانی ناوچەی سابڵاغە بە تایبەتی، لەوانە وەفایی، ئاغاچکولی میسباح، میرزا عەزیز ئەلمانی، حاجی خەلیفە بەها، مینە دەلاک، ئەدیبی، سابیری، ناری، تاهیربەگ، مەولەوی و هتد... جگە لەوەش سێ بەرهەمە دەستنووسی شێخ مارفی نۆدێی لەخۆ دەگرێ کە بریتین لە ١- روضة الغَنّا في الدّعَاء بأسماء الله الحُسنى ٢- شرح الصدر بذكر أسماء أصحاب البدر ٣- الفرائد في العقائد. بە داخەوە لە کتێبی پێرستی دەستنووسەکانی کتێبخانەی نەتەوەیی ئێران هیچ ئاماژەیەک بە کوردی بوونی ناوەڕۆکی ئەم کۆمەڵە دەستنووسە نەدراوە. لەمە سەیرتر ئەوەیە ئەو سێ بەرهەمە دەستنووسەی شێخ مارف ژمارەیان بۆ دانەنراوە، هەر بۆیە بۆ ئاسانکاری توێژەران و خوازیاران هەمان ژمارە کە بۆ ئەم دەستنووسە دانراوە بۆ هەر سێ بەرهەمە دەستنووسەکەی شێخی نۆدێ لەم توێژینەوەیەدا دادەنرێت. لە ماڵپەڕی کتێبخانەی نەتەوەیی ئێران کە ناونیشانەکەی لە کۆتایی ئەم لاپەڕەدا هاتووە [1]سەرجەم لاپەڕەکانی دەستنووسی ناوبراو بۆ خوێندنەوە و داگرتن بەردەستە. وێنەی ژمارە (3) لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا وێنەی لاپەڕەی کۆتایی دەستنووسی "روضة الغَنّا في الدّعَاء بأسماء الله الحُسنى" یە کە لە دووتوێی دەستنووسی باسکراودا هاتووە.

**دەستنووسی دووەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار

ژمارەی دەستنووس: ٦١٠/2

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ئایەتوولڵا مەرعەشی / قوم

**دەستنووسی دووەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار / سەدەی ١٣

ژمارەی دەستنووس: ١٧٠٧٨/1

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ئایەتوولڵا مەرعەشی / قوم

**9- الشامل للعوامل**

[1] https://dl.nlai.ir/UI/2acef58d-ea6e-42c6-b3e0-2d54b704a7e8/LRRView.aspx

بابەت و زمان: نەحوی عەرەبی بە شیعر

**دەستنووسی یەکەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: ١٣٠١ ق. عەبدوڵڵا بن عەتتار

ژمارەی دەستنووس: ١٦٢٧٦/1

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی میللی(نەتەوەیی) ئێران / تاران

**دەستنووسی دووەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: محەمەد هارونی / ١٣٣٠

ژمارەی دەستنووس: ٣٩٧

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ناوەندی بووژاندنەوەی میراتی ئیسلامی (مرکز احیاء میراث اسلامی) / قوم

**دەستنووسی سێیەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: محەمەد هارونی / ١٣٣٠

ژمارەی دەستنووس: ٢٨٧٩ (وێنەیی)

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ناوەندی بووژاندنەوەی میراتی ئیسلامی (مرکز احیاء میراث اسلامی) / قوم

**دەستنووسی چوارەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: محەمەد سەعید بن مەلا ئەحمد سرنجداغی / نادیار

ژمارەی دەستنووس: 319/3

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ئایەتووڵڵا فازڵی خوانساری / خوانساری ئەسفەهان

دەستنووسی پێنجەم

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: محەمەد سەعید بن مەلا ئەحمد سرنجداغی / سەدەی ١٣

ژمارەی دەستنووس: ٨٧/3 عکسی

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ناوەندی بووژاندنەوەی میراتی ئیسلامی (مرکز احیاء میراث اسلامی) / قوم

ڕوونکردنەوە: ئەم دەستنووسە، هەمان دەستنووسی کتێبخانەی ئایەتووڵڵا فازڵی خوانسارییە کە وێنەی گیراوە و لەم کتێبخانەیەشدا وێنەکانی هەیە.

**دەستنووسی شەشەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار

ژمارەی دەستنووس: ٨٧٥/٥

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ناوەندی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئیسلامی (مرکز مطالعات و تحقیقات اسلامی) / قوم

**10- شرح الصدر بذكر أسماء أصحاب البدر**

بابەت و زمان: ناوی ئەو ئەسحابانەی کە لە شەڕی بەدر بەشداریان کردووە / عەرەبی

**دەستنووسی یەکەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار /١٣١٦

ژمارەی دەستنووس: 3381/2

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی / تاران

**ڕوونکردنەوە**: لە پێرستی دەستنووسەکانی کتێبخانەی مەجلیسدا ناوی ئەم دەستنووسە بە "منظومە رجالیە" تۆمار کراوە و ناوی دانەرەکەیشی دیاری نەکراوە، بەڵام کاتێک کە دەستنووسەکە دەکەیتەوە یەکسەر دەردەکەوێ کە ئەمە دەستنووسی "شرح الصدر بذكر اسماء أصحاب البدر"ی نۆدێیە. وەک لە وێنەی ژمارە (٤) کۆتایی ئەم وتارەدا دەبینن سەیر لەوەدایە کە ئەم قەسیدەیە بە تەواوی لە پەراوێزی دەستنووسەکێ کتێبی "الأنوار الظاهرة" ی موستەفا حەلەبیدا نووسراوە.

**دەستنووسی دووەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: عەبدوڕڕەحمان بن طاها بن محەممەد / ١٣٣٠

ژمارەی دەستنووس: ٩٧٧٦

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی میللی(نەتەوەیی) ئێران / تاران

ڕوونکردنەوە: وێنەی ژمارە (٥) کۆتایی ئەم توێژینەوەیە دەکاتە وێنەی لاپەڕەی کۆتایی ئەم دەستنووسە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم دەستنووسە بڕوانە بەشی ڕوونکردنەوەی تایبەت بە دەستنووسی یەکەمی بەرهەمی ژمارە ٨ واتە روضة الغَنّا في الدّعَاء بأسماء الله الحُسنى.

**11- شیعری فارسی (ای شده)**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: مەعرووف عوسمانی / نادیار

ژمارەی دەستنووس: ٩٩٨٥

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ئایەتوولڵا مەرعەشی / قوم

**ڕوونکردنەوە**: مامۆستا محەمەدی خاڵ ئەم شیعرە فارسییەی شێخ مارفی بە "ای شده" کە سەرەتای شیعرەکەی بەم وشەیە دەست پێ دەکات ناوناوە[2]. ئەم دەستنووسەی سەرەوە کە لە کتێبخانەی مەرعەشیدا هەیە بە هەڵە بە "دیوان نودهی هندی" تۆمارکراوە، لە کاتێکدا هۆنراوەی شێخ مارفی نۆدێیە. چونکە دەسپێکی شیعرەکە بەم دێڕەیە:

ای شده مخلوق ز نور خدا          پس همه عالم ز تو گشته جدا

کۆتاییەکەشی ئەم دێڕەی خوارەوەیە:

یک نظر انداز به معروف تو          ذاك لعمر الله أقصى مناى

کەواتە ئەم دەستنووسەش دانراوە فارسییەکەی شێخ مارفە کە بە هەڵە دراوەتە پاڵ کەسێکی تر. دەستنووسی ناوبراو لە ساڵی ١٢٠٦ی کۆچی لە لایەن کەسێک بە ناوی مەعرووفی عوسمانی نوسخەی لێ هەڵگیراوە.

**12- الظرف (منظومة في علم الظرف)**

**بابەت و زمان: نەحوی عەرەبی**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: عەلی حافیدی عەبدوسسەمەدی ئینگرقاشی / ١٣١٠

ژمارەی دەستنووس: ١٦٢٧٦/٩

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی میللی(نەتەوەیی) ئێران / تاران

[2] (خاڵ ١٩٦١: 99)

**ڕوونكردنەوە**: ئەم دەستنووسە لە گوندی شیخ عوسمان نووسراوەتەوە. لە كۆتایی ئەم دەستنووسەدا ئەمە نووسراوە "قد تمت الرسالة المنسوبة الى الفاضل النودهی شیخ محمد معروف فی بحث الظروف بتاریخ غرایب و عیوبه من ید حافد عبدالصمد الاكرقاشی علی بشیخ عثمان وقت ... سنه ١٣١٠من هجرة سید ولد عدنان ٥١".

**13- فتح الرزّاق في أذكار دفع الإملاق**

**بابەت و زمان: دوعا / عەرەبی**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار

ژمارەی دەستنووس: 27/2

شوێنی پاراستن: كتێبخانەی حەبیب جواهری / هەمەدان

**١٤- فتح المجید في قواعد التجوید**

**بابەت و زمان: تەجوید / عەرەبی**

**دەستنووسی یەكەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار/ 1309

ژمارەی دەستنووس: ٤٩٦٣٤

شوێنی پاراستن: كتێبخانەی ئاستانی قودس / مەشهەد

**دەستنووسی دووەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: جەلالەدین / 1310

ژمارەی دەستنووس: 32٤17/٦

شوێنی پاراستن: كتێبخانەی میللی(نەتەوەیی) ئێران / تاران

**دەستنووسی سێیەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: مەحموود / ١٣٢٥

ژمارەی دەستنووس: ٢١٦٤٤/3

شوێنی پاراستن: كتێبخانەی میللی(نەتەوەیی) ئێران / تاران

دەستنووسی چوارەم

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار / سەدەی ١٤

ژمارەی دەستنووس: ١٧٠٧٨/٦

شوێنی پاراستن: كتێبخانەی ئایەتوڵڵا مەرعەشی / قوم

**دەستنووسی پێنجەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار / سەدەی ١٤

ژمارەی دەستنووس: ٢١٤/٢

شوێنی پاراستن: كتێبخانەی مەدرسەی ئایەتوڵڵا خویی / مەشهەد

**١٥- الفرائد في العقائد**

**بابەت و زمان: کەلام و عەقیدە / عەرەبی**

**دەستنووسی یەکەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نوری / ١٢٢٤

ژمارەی دەستنووس: ١٣٦١ (وێنە)

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی علوومی عەقڵی ئیسلامی / قوم

**دەستنووسی دووەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار / ١٢٩٢

ژمارەی دەستنووس: ٥٣٤/2

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ناوەندی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئیسلامی (مرکز مطالعات و تحقیقات اسلامی) / قوم

**دەستنووسی سێیەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: محەمەد عەلی / 1311 - 1310

ژمارەی دەستنووس: ٥٢٣/٢

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ناوەندی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئیسلامی (مرکز مطالعات و تحقیقات اسلامی) / قوم

**دەستنووسی چوارەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: محەمەد بن سۆفی / ١٣١١

ژمارەی دەستنووس: ٤٢٢٣/١

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی میللی(نەتەوەیی) ئێران / تاران

ڕوونکردنەوە: ناوی تەواوی ناسخەکەی محەمەد کوڕی سۆفی مامەیە کە لە گوندی کانی مملی لە هەولێر مامۆستا بووە و ئەم دەستنووسەشی نووسیوەتەوە. وێنەی ژمارە (٦) کۆتایی ئەم وتارە، وێنەی کۆتاڵاپەڕەی ئەم دەستنووسەیە.

**دەستنووسی پێنجەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: عەبدوڕڕەحمان بن طاها بن محەممەد / ١٣٣٠

ژمارەی دەستنووس: ٩٧٧٦

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی میللی(نەتەوەیی) ئێران / تاران

ڕوونکردنەوە: وێنەی ژمارە (٧) کۆتایی ئەم توێژینەوەیە دەکاتە وێنەی لاپەڕەی سەرەتایی ئەم دەستنووسە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم دەستنووسە بڕوانە بەشی ڕوونکردنەوەی تایبەت بە دەستنووسی یەکەمی بەرهەمی ژمارە ٨ واتە روضة الغَنّا في الدّعَاء بأسماء الله الحُسنى.

**دەستنووسی شەشەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: عەبدوڕڕەحمان ئەهلی کوردستان / ١٣٣٢

ژمارەی دەستنووس: ١١٩٥/٢

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی عەللامە تەباتەبایی / شیراز

**دەستنووسی حەوتەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: جەلالەدین حسەینی / ١٣٣٥

ژمارەی دەستنووس: ١٩٢٩٢/٤

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی / تاران

**دەستنووسی هەشتەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: حەبیب / نادیار

ژمارەی دەستنووس: 17980/1

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی / تاران

ڕوونکردنەوە: هەر چەن ناوی حەبیب بە بێ پاشناو بۆ نووسخەهەڵگری ئەم دەستنووسە تۆمارکراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم دەستنووسە لە ناو کۆمەڵە دەستنووسێکدایە (مەجامیع)، لە دەستنووسی پاش ئەمە لەو کۆمەڵە دەستنووسەدا، نووسخەهەڵگر ناوی تەواوی خۆی نووسیوە، حەبیبوڵڵا دەگاشێخانی لە گوندی بالک. کەواتە ناوی تەواوی نووسخەهەڵگرەکەی دەکاتە حەبیبوڵڵا دەگاشێخانی.

**دەستنووسی نۆیەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار / سەدەی ١٤

ژمارەی دەستنووس: 1777/1

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ناوەندی بووژاندنەوەی میراتی ئیسلامی (مرکز احیاء میراث اسلامی) / قوم

**١٦- القطر العارض في علم الفرائض**

بابەت و زمان: فیقه / عەرەبی

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: سەعدوڵڵا / ١٢٨٠

ژمارەی دەستنووس: ٣٠٠/٤

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ئاستانەی مەعسوومییە / قوم

**١٧- کشف الغوامض لقطر العارض**

بابەت و زمان: فیقه / عەرەبی

**دەستنووسی یەکەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: ئەحمەد حسەینی / 1302

ژمارەی دەستنووس: ٤٨٦٧٩/3

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ئاستانی قودس / مەشهەد

**دەستنووسی دووەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: عومەر / 1302

ژمارەی دەستنووس: ٦/ ١٨٩٢٧

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ئایەتووڵڵا مەرعەشی / قوم

**دەستنووسی سێیەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: عەبدولکەریم بن مەلا عەلیڕەزای ئەورامی ئەسڵ / ١٣٠٧ ـ ١٣٠٦

ژمارەی دەستنووس: ١٨١٧٣/2

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی / تاران

**دەستنووسی چوارەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: موحسن ڕەزیزی / ١٣٢٢

ژمارەی دەستنووس: ٥٣٣/١

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی ناوەندی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئیسلامی (مرکز مطالعات و تحقیقات اسلامی) / قوم

ڕوونکردنەوە: ئەم دەستنووسە وەک لە پێرستی ئەم کتێبخانەیەدا هاتووە لە لایجان نووسراوە. نووسەری ئەم وتارە لە وتارێکدا بە زمانی فارسی لە گۆڤاری کەشکۆڵ[3] سەلماندوویە ئەم وشەیە دەبێ "لاجان" بێت کە دەکەوێتە ڕێگای نێوان مەهاباد پیرانشار نەک لایجان.

**١٨ـ كفاية الطالب في نظم كافية ابن الحاجب**

**بابەت و زمان: نەحوی عەرەبی**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: سەدەی ١٣

ژمارەی دەستنووس: ١٦/٢

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی خادم حسەینی / تەورێز

ئەم دەستنووسە، بە پێی سەرەتا و کۆتاییەکەی، لە ڕاستیدا دەستنووسێکی ناتەواوی کتێبی "كفاية الطالب في نظم كافية ابن الحاجب"ی شێخ مارفی نۆدێیە. بەداخەوە سەرەڕای هەوڵێکی زۆر نەمانتوانی لە نزیکەوە ئەم دەستنووسە ببینین. چەن هەڵەیەک لە تۆمارکردنیدا ڕوویداوە. یەکەم ناوی ئەم دەستنووسە بە "نظم وافيه" تۆمارکراوە، ڕەنگە هەڵە نەبێت بەڵام تەواو نیە، دووەم نووسەر بە ناوی محەممەد نۆدەهی ناسێنراوە کە ئەمەش تەواو نیە. سێیەم لە بەشی ناساندنی دەستنووسەکەشدا بە فارسی وەها نووسراوە «نظمی از كافيه ابن حاجب است كه مؤلف براى فرزندش عبدالعزيز بن نظام الدين به نظم كشيده است» واتە شیعرێکە لەسەر کافیەی ئیبن حاجیب کە دانەرەکەی بۆ کوڕەکەی خۆی عەبدولعەزیز کوڕی نیزامەدین هۆنیویەتیەوە، لە کاتێکدا ناوی دانەری بە محەممەدی نۆدەهی نووسیوە چۆن دەکرێ کە کوڕەکەی کوڕی نیزامەدین ناوێک بێت. جگەلەمەش شێخ مارەف لە دێری ١٢ بە ڕوونی باس لەوە دەکات کە بۆ نوری چاوی خۆی ئەحمەد ئەمەی داناوە. کە واتە بۆ کاک ئەحمەد شێخە.

| | |
|---|---|
| أنـظـمـهـا نـظـم لآلـي الـعـقـد | لِـعصـبـةٍ مِـن شـرفـاء عـنـدي |
| وسـائـرِ الـمـحصـلـيـن السـعـدا | لاسـيّـمـا قـرة عَـيـنـي أحـمـدا |

**19- الوضعية (منظومة في علم الوضع)**

**بابەت و زمان: بەلاغە / عەرەبی**

**دەستنووسی یەکەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: عەلی حافیدی عەبدوسسەمەدی ئینگرقاشی / ١٣١٠

ژمارەی دەستنووس: ١٦٢٧٦/٨

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی میللی(نەتەوەیی) ئێران / تاران

[3] (یاراحمدی 1401:21)

**ڕوونکردنەوە**: ئەم دەستنووسە لە گوندی شیخ عوسمان نووسراوەتەوە

**دەستنووسی دووەم**

نووسخەهەڵگر و ساڵی نووسین: نادیار

ژمارەی دەستنووس: ٤٢٢٣/٤

شوێنی پاراستن: کتێبخانەی میللی(نەتەوەیی) ئێران / تاران

**ڕوونکردنەوە**: لە کتێبی پێرستی دەستنووسەکانی ئەم کتێخانەیەدا ناوی ئەم دەستنووسە بە "نظم الرسالة الوضعية" تۆمار کراوە

**ئەنجامەکان**

ئەنجامە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەی خوارەوەیە:

ـ بەگشتی لە کتێبخانەکانی ئێراندا ٦١ دەستنووسی 19 بەرهەمی شێخی نۆدێی هەیە.

ـ ئەگەر مێژووەکەی بە دروستی تۆمارکرابێ ئەوە دەستنووسی "تەخمیسی یا من یری" بە خەتی میکایل بن موراد کە ساڵی ١٢١٢ نووسراوەتەوە دەبێتە کۆنترین بەرهەمی دەستنووسی شیخ مارف لە کتێبخانەکانی ئێراندا.

ـ ئەم دەستنووسانە لە کتێبخانەکانی حەوت شاری ئێران واتە تاران، قوم، مەشهەد، تەورێز، هەمەدان، شیراز و خوانسەری ئەسفەهان هەڵکەوتوون.

ـ ئەو کتێبخانانەی کە ئەم دەستنووسانەیان تێدا هەڵکەوتووە بریتین لە: تاران کتێبخانەکانی (میللی، مەجلیسی شۆرا، دائیرەتولمەعارف و زانکۆی تاران)، قوم کتێبخانەکانی (ئاستانەی مەعسوومیە، مەرعەشی، مرکز احیاء میراث اسلامی، مرکز مطالعات و تحقیقات اسلامی، مرکز علوم عقلی اسلامی) لە مەشهەد (ئاستانی قودس، ئایەتوڵڵا خوویی و... کتێبخانەی عەلی حەیدەر موئەییەد)، کتێبخانەی ئایەتوڵڵا فازڵی خوانساری لە خوانساری ئەسفەهان، کتێبخانەی عەللامە تەباتەبایی لە شیراز، کتێبخانەی خادم حسەینی لە تەورێز و کتێبخانەی حەبیب جەواهیری لە هەمەدان.

ـ شاری قوم بە پێنج کتێبخانە و پاش ئەویش تاران بە چوار کتێبخانە ئەو شارانەن کە زۆرترین کتێبخانەیان تێدایە کە دەستنووسەکانی شێخ نۆدێی لەخۆدەگرن.

ـ لە نێو ئەو کتێبخانانەدا، کتێبخانەی میللی (نەتەوەیی) ئێران لە تاران بە ١٥ دەستنووس، کتێبخانەی ئایەتووڵڵا مەرعەشی لە مەشهەد بە ١٠ دەستنووس و کتێبخانەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی لە تاران بە ٨ دەستنووس میوانداریێتی زۆرترین بەرهەمە دەستنووسەکانی شێخ مارف دەکەن.

ـ زۆرترین بەرهەمی دەستنووسی شێخی نۆدێی لە ئێراندا کتێبی " الدرة العروضية" یە بە ١١ دەستنوس بە دوای ئەوە کتێبی "الفرائد في العقائد" بە 9 دەستنووس و کتێبی "الشامل للعوامل" بە ٦ دەستنووس لە ڕیزەکانی دووەم و سێیەمدان.

کۆمەڵێک هەڵە لە تۆمارکردنی زانیاری بەرهەمە دەستنووسەکانی شێخی نۆدێی لە پێرستی دەستنووسی کتێبخانەکانی ئێراندا ڕوویداوە کە بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەندێ لەو دەستنووسانە بدرێنە پاڵ کەسێکی تر یا زمانێکی تر و لانیکەم پێنج بەرهەمی دەستنووسی بە تەواوی لە چاو توێژەران شاراوە بمێننەوە، بۆ نموونە شیعرە فارسییەکانی دراونەتە پاڵ شاعیرێکی هندی، یان مەلا ئەحمەدی ژانی وەک دانەری وشەنامەی ئەحمەدی دەستنیشانکرابوو، لەم وتارەدا هەوڵ درا هەموو ئەو هەڵانە ڕاست بکرێنەوە.

**پێشنیار**

جگە لەو ٦١ دەستنووسەی کە لەم توێژینەوەیەدا ناسێندران چەن دەستنووسێکی تر لە کتێبخانەکانی ئێراندا هەیە کە پەیوەندییان بە شیخ مارفەوە هەیە کە دەکرێ وەک توێژنەوەیەکی سەربەخۆ ئاوریان لێ بدرێتەوە بۆ نموونە دەستنووسی نامەکانی مەلا یەحیا مزوری بۆ شێخ مارف پارێزراو لە کتێبخانەی مەجلیسی شۆرا لە تاران، یان ئەو شەرحانەی کە لە لایەن زانایانی ترەوە لەسەر بەرهەمەکانی شیخێ نۆدێ نووسراون وەک ئەو شەرحەی کە زانایەکی عەرەبی شیعە بە

ناوی حەسەنی عامیلی لەسەر کتێبی **"روض الزهر في مناقب آل سيّد البشر"**ی شێخی نۆدێ نووسیویەتی و لە ئیستادا چەن دەستنووسی لە کتێبخانەکانی ئێراندا بەردەستە.

**سەرچاوەکان**


1- اسماعیلی، فریبا و صادق‌زاده وایقان، علی(1393): *فهرست نسخه‌های خطی کتابخانه سید محمدحسین خبره فرشچی در کتابخانه ملی ایران*، ناشر: سازمان اسناد و کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران، تهران.

2- امیرگانی، احمد و دیگران (1381): *فهرست نسخ خطی کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران*، جلد ۱۸، ناشر: سازمان اسناد و کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران، تهران.

3- انصاری، محمدباقر (1999): *فهرس مخطوطات مَكْتَبَةُ الخَطِيب الشَّيخْ عَلِي حَيدَر المُؤَيّد*، مج 1، الهادي للتحقيق والنشر، بيروت.

4- برکت، محمد (1385): *فهرست مجموعه های خطی کتابخانه علامه طباطبایی دانشگاه شیراز*، نسخه پژوهی (دفتر سوم)، صص ۵۹- ۱۷۸.

5- چیذری، هایده و بابلی حافظیان، ابوالفضل (1394): *فهرست نسخه های خطی کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران*، جلد ۴۵، ناشر: سازمان اسناد و کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران، تهران.

6- حافظیان بابلی، ابوالفضل (1392): *فهرست نسخه های خطی کتابخانه مجلس شورای اسلامی*، جلد 48، ناشر: کتابخانه موزه و مرکز اسناد مجلس شورای اسلامی، تهران.

7- حسینی اشکوری، احمد (1377): *فهرست نسخه‌های خطی مرکز احیاء میراث اسلامی*، جلد اول، مجمع ذخائر اسلامی، قم.

8- - ، - (1380): *فهرست نسخه‌های خطی مرکز احیاء میراث اسلامی*، جلد سوم، مجمع ذخائر اسلامی، قم.

9- - ، - (1382): *فهرست نسخه‌های خطی مرکز احیاء میراث اسلامی*، جلد پنجم، مجمع ذخائر اسلامی، قم.

10- - ، - (1385): *فهرست نسخه‌های خطی مرکز احیاء میراث اسلامی*، جلد هشتم، مجمع ذخائر اسلامی، قم

11- حسینی اشکوری، سید جعفر (1392): *فهرست نسخه های خطی کتابخانه مجلس شورای اسلامی*، جلد 49، ناشر: کتابخانه موزه و مرکز اسناد مجلس شورای اسلامی، تهران.

12- - ، - (1416): *فهرست نسخه های خطی کتابخانه آیة الله فاضل خوانساری*، دو جلدی، انتشارات انصاریان، قم.

13- حسینی اشکوری، صادق (1393): *فهرست نسخه های خطی کتابخانه مجلس شورای اسلامی*، جلد 52، ناشر: کتابخانه موزه و مرکز اسناد مجلس شورای اسلامی، تهران.

14- حسینی، سید احمد (1371): *فهرست نسخه های خطی کتابخانه عمومی حضرت آیة العظمی مرعشی نجفی*، راهنمای جلد اول تا بیستم، چاپخانه صدرا، قم.

15- الخال، محمد (١٩٦١): *الشيخ معروف النودهي البرزنجي*، مطبعة التمدن، بغداد.

16- درایتی، مصطفی و دیگران (1388): *فهرست نسخه‌های خطی کتابخانه عمومی آیت الله العظمی گلپایگانی قم*، جلد هشتم، ناشر: مجلس شورای اسلامی، تهران.

17- روشن، محمد و دیگران (1353): *فهرست نسخه های خطی کتابخانه های رشت و همدان*، ناشر: فرهنگ ایران زمین، تهران.

18- سلطانی‌فر، صدیقه(1398): *فهرست نسخ خطی سازمان اسناد و کتابخانه ملی ایران*، جلد 63، ناشر: سازمان اسناد و کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران. تهران.

19- صالحی، محمدعلی، و مرعشی، محمود و اصفیائی، سیدمحمد (1394): *فهرست نسخه‌های خطی کتابخانه بزرگ حضرت آیه‌الله العظمی مرعشی نجفی*، جلد 43، انتشارات کتابخانه آیه‌الله العظمی مرعشی نجفی، قم.

20- صدرایی خویی، علی، و دیگران (1391): *میراث مشترك ایران و هند کتابهای چاپی کهن فارسی و عربی شبه قاره در کتابخانه بزرگ آیت الله مرعشی*، جلد 6، انتشارات کتابخانه آیة الله العظمی مرعشی نجفی، قم.

21- صدرایی خویی، علی (1389)، *فهرست نسخه‌هاي خطّي کتابخانه آقاي شیخ ابراهیم خادم حسینی خویی در تبریز*، *اوراق عتیق* دفتر اوّل، تهران، صص82-121.

22- ضمیری، امیره و دیگران (1382): *فهرست نسخ خطی کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران*، جلد ۱۹، ناشر: سازمان اسناد و کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران، تهران.

23- غفراني، عبدالله (1389): *فهرستواره نسخه‌هاي خطّي کتابخانه آيت‌الله العظمي خويي مشهد*، اوراق عتیق: دفتر اوّل، صص239-266.

24-مرعشی، محمود و موسوی، میرمحمود (1397): *فهرست نسخه‌های خطی کتابخانه بزرگ حضرت آیه‌الله العظمی مرعشی نجفی*، جلد 48، انتشارات کتابخانه آیه‌الله العظمی مرعشی نجفی، قم.

25-مرکز پژوهشی دایره المعارف علوم عقلی اسلامی (1395): *فهرست نسخه های عکسی علوم عقلی اسلامی*، جلد سوم، ناشر:انتشارات موسسه آموزشی و پژوهشی امام خمینی، قم.

26-منزوی، احمد (1390): *فهرست نسخه های خطی کتابخانه مرکز دایرة المعارف بزرگ اسلامی*، جلد ۳، ناشر: مرکز دائرة المعارف بزرگ اسلامی، تهران.

27-ناطقی، علی اوسط و همکاران (1386): *فهرست نسخه های خطی کتابخانه مرکز مطالعات و تحقیقات اسلامی*، جلد 1، نشر بوستان کتاب، قم.


28-- ، - (1386): *فهرست نسخه های خطی کتابخانه مرکز مطالعات و تحقیقات اسلامی*، جلد 2، نشر بوستان کتاب، قم.

29-نظری، محمود (1392): *فهرست نسخه های خطی کتابخانه مجلس شورای اسلامی*، جلد 50، ناشر: کتابخانه موزه و مرکز اسناد مجلس شورای اسلامی، تهران.


30-نقیبی، حسن (1375): *فهرست نسخه های خطی کتابخانه آستان مقدس حضرت معصومه (ع)*، جلد ۳، ناشر آستانه مقدسه، قم.

31-یاراحمدی، طارق (1401): نسخه های خطی علمای کرد در کتابخانه مرکز مطالعات و تحقیقات اسلامی قم، *فصلنامه کشکول*، سال هفتم، شماره 3، پیاپی 21، صص 42-19.


**https://dl.nlai.ir/UI/2acef58d-ea6e-42c6-b3e0-2d54b704a7e8/LRRView.aspx -32**



**وێنەی ژمارە (١) کۆتاڵاپەڕەی دەستنووس "الأحمدیة" ژمارە ١٧٠٣٥/١ پارێزراو لە کتێبخانەی مەجلیسی شۆرا لە تاران**



**وێنەی ژمارە (2) دەستنووسێکی "الدرة العروضية" بە ژمارەی: ٤٢٢٣/٣، پارێزراو لە کتێبخانەی میللی لە تاران**




**وێنەی ژمارە (3) کۆتاپەڕەی دەستنووسی " روضة الغَنّا في الدّعَاء بأسماء الله الحُسنى "ژمارە ٩٧٧٦پارێزراو لە کتێبخانەی میللی ئێران**

sjh@univsul.edu.iq


SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034




**وێنەی ژمارە (٤) سەرەتای دەستنووسێکی "شرح الصدر بذكر أسماء أصحاب البدر"ژمارە 3381/2 پارێزراو لە کتێبخانەی مەجلیسی شۆرا لە تاران**


وبأبي ضباح المنسوب للأدوسي ندا أنجح لي مطلوبي
... بأبي مخشي في كل بكرة وبالعشي
فاضت شآبيب رضى الإله عليهم بغير ما تناهي
قد تم تحرير هذه النسخة المباركة من تأليفات العالم العلامة
والبحر الفهامة الشهير المعروف بشيخ معروف النودهي
المسماة بأسماء البدريين رضوان الله تعالى عليهم
أجمعين آمين كاتبه الحقير المذنب المعترف
في الخطأ بأعبد الرحمن ابن طه ابن
محمد اللهم اغفر لي ولوالدي
ولجميع المسلمين
والحمد لله رب
العالمين
آمين
عددهم ٣٧٣ والشهداء منهم ٥ رضي الله تعالى عن جميع أصحاب سيدنا محمد
صلى الله عليه وسلم
١٣٠٣

**وێنەی ژمارە (٥) کۆتالاپەڕەی دەستنووسی "شرح الصدر بذكر أسماء أصحاب البدر"ژمارە ٩٧٧٦پارێزراو لە کتێبخانەی میللی ئێران**



**وێنەی ژمارە (٦) لاپەڕەی کۆتایی دەستنووسی "الفرائد في العقائد"ژمارە ٤٢٢٣/١ پارێزراو لە کتێبخانەی میللی ئێران**



**وێنەی ژمارە (٧) لاپەڕەی سەرەتایی دەستنووسی "الفرائد في العقائد"ژمارە ٩٧٧٦ پارێزراو لە کتێبخانەی میللی ئێران**



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**Manuscript Works of Sheikh Marif Nodeyi in Iranian Libraries – A Statistical Descriptive Study**

**Abstract**

Sayyid Mohammed son of Sayyid Mustafa Barzanji, also known as Sheikh Marif Nodeyi, was one of the great Kurdish scholars of the thirteenth century AH. During his lifetime, he was able to create many works in various scientific fields. Until recently, some of his works have been used as source books in Kurdistan's hujras, which is why many of his works have been copied dozens of times. The increase in the number of his scientific works and the availability of many manuscripts of them clearly shows the influence and importance of Sheikh Marf's personality and writings on scholars after him. A large number of his manuscripts are currently preserved in libraries around the world. Iranian libraries are not without Sheikh Marf's manuscripts. In this paper, we try to introduce Sheikh Marf's manuscript works in Iranian libraries in an analytical manner using statistical data. In addition, we will correct with evidence any errors that have occurred in recording the name of the work, the date of writing, the name of the author or copyist in the list of manuscripts in these libraries - causing these manuscripts to remain hidden. Some of the results indicate that a total of 61 manuscripts of 19 works of Sheikh Marf are preserved in Iranian libraries. This figure is divided into 16 libraries in seven major Iranian provinces. More details are provided in the text of this article.

**Keywords**: Sheikh Marf, Sheikh Marif Nodeyi, Manuscript Works of Sheikh Marfi Nodei, Manuscripts of Iranian Libraries